هەموو بەدوای دروشم و بەدیلی جەماوەری ئاپۆیودا دەگەڕێن، بەاڵم ئەم دروشم و بەدیلە خەی لەو هاوار و کردەوە شۆشگێڕانەیەدا نیشان داوە کە ئەمە گەنجان و کرێکار و فەرمانبەر و خانە نشین و خەڵکی کەم دەرامەتی کوردستان لە ناڕازایەتی و خۆپیشاندانەکانی ئەم چەند ڕۆژەدا کوردستانی داگرتوە. ئەویش دروشمی " نا بەدەستاتێکی ستەمکار، نابە پەڵەمانی کارتۆنی، نابێ ئەپۆزسیۆنی ساختە"یە.
دروشمی نا بەدەستاتێکی ستەمکار
خەڵک لە بە موچەیی و هەژاری مەرگ و بێکاری و نەبوونی پەداویستیەکانی ژیاندا بە جێ هێڵراوە و هیچ ڕێگایەکی بە نەماوەتەوە جگە لە خۆپیشاندان و پەلاماردانی ئەم حکومەتە نابێ. کەواتە دروشمی ئەمە لاچونی ئەم حکومەتەی حزبەکانە.
سوتاندنی بارەگای ئەم حزبانە ئەو پەیامەی گەیاندوە کە دوای ٣٠ ساڵ خەڵک بێیاری داوە کە ئەم حکومەتەمان ناوێت و دەبێ لە دەسەاتدا لابچێ.
بەدیلی جەماوەری ئاپۆیو دژ بە دامودەزگاکانی ئەم سیستەمە ئابوری و سیاسی و سەربازیەی ئێستای کوردستان و دروستبونی هێزیکی تر لە دەرەوەی ئەم سیستەمە دەسەاتدارەی ئێستا و دامودەزگا سیاسیەکانی و حزب و پەرلەمانەکەی. ئەو بەدیلەی ئەو بەدوایدا دەگەڕین کە داواکاریەکانمان بە بەدی بێنێ ئەوە تەنیا هێزی جەماوەری خەمانە، نەک هێزێکی سیاسی دەرەوەی ئەمە. هەربۆیە ئەم چینە کەم دەرامەتانە لە کرێکاران، فەرمانبەران، مامۆستایان و لاوان و خانەنشینان و هتد .. لە تەجروبەی خەمانەوە دەزانین کە دابینکردنی موچە و خزمەتگوزاری و دامەزراندن و ئازادی سیاسی لە ڕێگای ئەم حزب و پەرلەمان و ئۆپۆزسیۆنانەوە دابین نابێ، کەواتە بە ناچاری ئەبێ هێزی ڕیکخراوی خەمان بێتە مەیدان و فشار بهێنێ بۆ دابینکردنی ئەم

پەداویستیە سەرەتاییانەی ژیانمان.
ئەمە دەبێ حکومەتێکی سەبری خەمان دروست بکەین و فشاری بەردەوام بخاتە سەر دەسەڵاتی حزبەکان بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتیان بەسەر داهات و ژیان و گوزەرانماندا. ئەمە وەک ئەم دەستە ناڕازیانەی خۆک لەم سیستمە ناڕازین. بەدیلی ئەمە بۆ ئەم حکومەت و بژێوبڕبردنە ئاوایە کە داوای هەڵبژاردنی هەموو بژێوبڕ و بڕپرسانی شار و دامودەزگاکان و وەزیرەکان و سەرۆکی حکومەت بکەن و لەم ڕێگەیەوە نوێنەرانی خەیان بخەنە جێگای نوێنەرانی دەسەڵات.

دروشمی نا بۆ پەرلەمانی کارتۆنی
ئەم دروشمە ئاکامی تەجروبەی شکت خواردوی١٠ ساڵی ڕابردووی خۆکە لە کوردستان بۆ ئومێد بەستن بەوەی ئەم پەرلەمانە و ئۆپۆزسیۆن ئەم سیستمەی بۆ بگۆڕێ. بەڵام دەرکەوت کە مەسەلەکە تەنیا ڕێژەی کورسیەکانی یەکێتی و پارتی نیە، بەڵکو دەورەکە کە پەرلەمان لەم سیستمە سیاسی وئابووریەی یەکێتی و پارتیدا هەیەتی.ئەم پەرلەمانە خەریکی سازکردنی ئەو یاسایانەیە کە سیاسەتی ئابووری و بژێوەندی سیاسی و دەسەڵاتی سەرکوتی ئەم دوو حزبە پۆیستیەتی و هەر حزبێکی تری وەک گۆڕان و ئیسلامیەکان و نەوەی نوێ تەنها دەتوانن لەژێر سایەی ئەم سیاسەت و یاسایانەدا داوای بەشە خەیان بکەن.
بەدیلی ئەمە بۆ پەرلەمان لەپرسینەوەی جەماوەریە لەم دەسەڵاتە و دامودەزگاکانی. ئەم هەنگاوانە دەتوانێ بڕەو چاودێری جەماوەری بچێ تاکو لەم ڕێگایەوە خۆک بتوانن لەم دامودەزگایانە بپرسنەوە و فشارێکی بەردەوام بنە لەسەر ئەم حکومەت و دەسەڵاتە. چاودێری جەماوەری دروشمێکە کە دەتوانێ هێزی ناڕازی ئاستا لە هەموو دامودەزگا و لە ناو مەیدانەکانی ناڕازایەتیەکاندا کۆبکاتەوە و ئاراستەی بکات بڕەو ئەوەی ناڕازایەتیەکان ڕێکخراو بکا. دروستکردنی دەستەی چاودێری جەماوەری لە هەموو ئاستێکی لەکاڵ لە شار و شارۆچکەکان و لە فەرمانگە و کارگە و نەخۆشخانە و خوێندگاکان دەتوانێ حکومەتێکی سەبر دروست بکا و فشاری بەردەوام بخاتە سەر دەسەڵات بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکان.

دروشمی نابێ ئۆپۆزسیۆنی ساختە
ئەمە بە تەجروبەی بەمان دەرکەوتوە کە حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئاستا بەشکن لەگەڵ سیستمە سیاسی و ئابوریەی زاڵە. ئەگەر لە جیاتی بنەماڵە حزبێکی مەدەنی و لە جیاتی وەزیرە حزبیەکان تەکنۆکراتەکان حکومەت بکەیە بڕنامەی حکومەت و چێنەتی دابەشکردنی موچە و خزمەتگوزارە گشتیەکان ناگۆڕێ و هەمووان لەسەر ئەو

بەرنامەی نیولیبرالیزمی هەژارترکردنی هەژارەکان کەکن و بە کردەوە پیادەیان کردوە لە کاتێکدا بەشێک بوون لە دەسەڵات یان ئۆگر ببنە بەشێک لەو دەسەڵاتە. هەرچەن بینیمان کە وەزیرەکانی گەلان و ئیسلامیەکان لە پیش یەکێتی و پارتیەوە بوون بە سپاندنی پاشکەوتی موچە.
هەربۆیە خەڵک گەیشتۆتە ئەو جێگایەی کە بەدوای بەدیلێکی تردا دەگەڕێ لەدەرەوەی ئەپۆزسیۆنی بۆرژوازی و پەرلەمان. ئەمە هەنگاوێکە بەرەو پێشەوە لە ناڕازایەتیکانی ئێستا.
ئەپۆزسیۆنی ڕاستەقینەی ئەم هەنگاوەیە کە لە ئێستادا خەڵکی کرێکار و فەرمانبەر و کەم دەرامەت لە هەموو شوێنکدا چاودێربن بەسەر حکومەتی هەرێمەوە و لە هەر دزیەک لە نەوتدا دەیکا، لەهەر سەرکوتێک لەبەرامبەر خۆپیشاندەراندا دەیکا، لەهەر پڕۆژەیەکی کارتی تایبەت کە لە بودجەی گشتی دەیدزێ، لەهەر نەدان و بڕینێکی موچەدا، لە هەر دروستکردنی بەرد و ڕێکخراوەیەکی جەماوەری بە تەنگ هەڵچنین و لابردنی بڕیوبەر و بڕیوبەری گشتی و وەزیر و کابینەی حکومەت و سەرکی حکومەتدا،دەتوانێ خۆی وەک حکومەتی سێبەر خۆی نیشان بدا واتە وەک ئەو دەسەڵاتەی بەرامبەر بە دامودەزگا فەرمیەکانی حکومەت وەستاوە و ڕێگری لە دەکا و فشاری دەخاتە سەر تا کاتێک کە دەتوانێ و ئامادەیە کە ئەم دەسەڵات وسیستەمە بە یەکجاری و بەشێوەیەکی شەڕشگێڕانە بگۆڕێ.
ئەمانە هەرکامیان ڕێگای جێبەجێکردنی ئەو دروشمی "نا" یەیە کە بە دەسەڵات و پەرلەمان و ئەپۆزسیۆن بەرزکراوەتەوە و نیشاندانی بونی بەدیل و ئالتەرناتیڤی جەماوەری ناڕازیە لە بەرامبەر دەسەڵات و دامودەزگاکانی ئێستادا. بەدیلی سیاسی و ئابوری و ئیداری خەڵکی کرێکار و فەرمانبەر و کەم دەرامەت لەم هەنگاوانەدا دەست پێدەکا کە لە هەموو شوێنێک دژی ئەو بەرژەوەندی و سیاسەتانەی دەسەڵات دەوستنەوە و ڕێگای پێ نادەن کە ژیان و بەرژەوەندی ٩٩٪ خەڵکی کوردستان دەکاتە قوربانی کەمکەمەی سەرمایە و پاوانکردنی دەسەڵات لای ١٪ کەمڕێگە. ئەمە ڕێگای گەیینی هاوسەنگی هەزە لە نیوان خەڵک و دەسەڵاتدا و دابینکردنی ئەو داواکاریانەمانە کە ٣٠ ساڵە بەووی دەسەڵاتدا بە کار و موچە و ئازادی بەرزمان کردەتەوە و لەم شەڕانەی سەر شەقامکاندا کار بە سپاندنی دەکەین بەسەر دەسەڵاتدا.

ئاسۆکمال
٩ دیسەمبەری ٢٠٢٠

شیعر و (دایک و میهرەبانی) .. ناڵە حەسەن

خوێندنەوەیەک بۆ شیعری (دایکم و دەریا لێیەک دەچن) نووسینی (خولیا حسێن)

دایک / قەسیدەیەکی درێژی بەردەوامە ، هەمیشە جوانی و سەز و خۆشەویستی لەدەژە ، قەسیدەیەکی کراوەیە بۆ بوون و ناوەکێکی فراوانی گەردوونییەوە ، میهرەبانیش بەهەمان شێوە ، بوونێکی کراوە و ، مانایەک جگە لە جوانی و خۆشەویستی هەڵگری هیچ هەما و کەدێکی تر نییە ، تەنها دایک بۆ خەیی و بوونە گەردوونییەکییەوە ، بۆخەیی و دڵە پڕ لە خۆشەویستی و پڕ سەزکییەوە ، دەتوانە لە گڵە وشەی میهرەبانی هاوتەریب بکەوە ، بۆ بەوانی من چەمکی میهرەبانی جگە لەدایک ناتوانە ببەتە هەما بۆ هیچ وشە و کاراکتەرێکی تر . دایک جگە لە زمانی خۆشەویستی هیچ زمانێکی تر نازانەت ، گریان و تووڕەبوونکان و گەرانی و خەمکانیش هەر بۆ زمانی خۆشەویستی دەردەبڕیت ، دایک ئەو دەقە شیعرییەیە کە ژیان لەنوێدا بۆ سەوز و ڕەنگاوڕەنگی دەبیندرێ ، هەمن و ئارام ، دوور لە هەموو تووندوتیژی و مردنێک ، دڵێکی گەردوونی وەک ماڵیکی گەورە بۆ مرۆڤایەتی .. بۆیە (شیعر و دایک و میهرەبانی) دەبن بە هاوکێشەیەک و یان دەستەواژەیەک کە / هەموو جوانییەکانی دنیا لەنوێیاندا کەدەبەتەوە ، میهرەبانی لەگڵە دایک بەو هەزە موگناتیسییەوە بۆیەکەوە دەنووسێن وەک ئەوەی / لەبنەڕەتەوە بۆ یەکتری دروستبووبن . وەک ئەوەی میهرەبانی لەبنەڕەتەوە بوونێکی مێینەی هەبەت و جگە لەدایک لە هیچ چەمک و ناوێکیتر نزیک نەبەتەوە ، یان هیچ ناو و چەمکێکی تر بۆ نیوەکەی تری خۆی نازانەت …! بۆم دەستپێکە کورتەمان دەمانوەت خوێندنەوە بۆ شیعرێکی (خولیا حسێن) بکەین بەناوی (دایکم و دەریا لێیەک دەچن) . لەسەرەتا دەمانوەت هەوڵستەیەک لەسەر ناونیشانکە بکەین و لەهەمانکات / قسەش لەسەر پێوەندی نێوان (دایک و دەریا ..!) بکەین . ناونیشانێک پڕ لە ئیستاتیکای شیعری و ناوەکێکی بەهێز .. یەکێک لەو ناونیشانە شیعرییانەیە کە ، ئەگەر هەموو دەقێکە بۆ تەنیا دەری ناونیشانکەبووا ، هەرهەمان ئەوقسانەی لەسەرەوە کردوومە دیسان دەمکردنەوە …! ، ناونیشانێک کە

ئەو هەزی لەگەڵدایە کە هەموو دڤەکێ بخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە ، یان جوانییەکانی خۆی پێخش بکات بەسەر تەواوی ووبەری دڤەکەوە ، بەمانایەک لەسەرەتای دەستپێکردنەوە تاکۆتایی دڤەکێ تەواو بیرکردنەوەی شاعیری داگیرکردووە ، یان شاعیر نەیتوانیوە تا کۆتایی دڤەکەی لە پەرەزی ئەم ناونیشانە دوورکەوێتەوە .. هەزی ئەم دەستەواژە شیعرییە لەوەدایە / لەکچووانەدنی (دایک و دەریا) ..! خولیا بە تەواوی ئاگایییەوە ئەم کارەی کردووە ، وە لەم هەڵبژاردنەی واتە هاوتەریبکردنی (دەریا و دایک) سەرکەوتوو بووە . دەریا وەک دایک / بوونێکی فراوان و کراوە و گەردوونی هەیە ، دەریا وەک دایک پێاوپرە لە (جوانی و ئارامی) کە چڕبە ڕەحی مرۆڤکان دەبەخشێت ، دەریا یانی ئاو ، ئاو توخمێکی سەرەکییە بە ژیان و بوون .. یەکێکە لەو چوار توخمە سەرەکییەی کە فەیلەسوفی یۆنانی کۆن (ئیپمادەکلیس) فەلسەفەکەی خۆی لەسەریان بنیاد ناوە ئەوانیش (زەوی ، هەوا ، ئاو ، ئاگر) وەکچۆن ئاو توخمێکی پەویست و سەرەکییە بە بەردەوامی ژیان دایکیش بەهەمانشیوە ، کەواتە هاوکێشەکەی سەرەوە (شیعر ، دایک ، میهرەبانی) ئەستا دەبێتە / (شیعر ، دایک ، میهرەبانی ، دەریا) کە هەرچوار چەمکەکە بوونێکی کراوەی گەردوونییان هەیە و هەرچوار چەمکەکە بە هەزێکی پتەو بە ژیانەوە پەیوەستن ، ئەو هەزەی کە (فرەدریک نێتچە) بانگەشەی بە دەکات و دەیکات بە بنەماتی ژیان و بوون . خولیا لەسەرەتای شیعرەکەیدا دەڵێت ،

دەریا و دایکم لە یەک دەچن
کە غەریبیی دایکم دەکەم
دەچمە کەنارەکی دەریا
نیگاکانم نوقمی قووڵاییەکەی دەکەم
لە جوانی و
لە فراوانی و
لە هەمنی دەریادا
جوانی و
هەمنی و
دە گەورەیی دایکم دەبینم

دایکم و دەریا لایەک دەچن / ئەوە ناونیشانی شیعرەکەیە ، دەبینین چۆن پرشنگی خۆی پێخش کردووە بەسەر ووبەری دڤەکەدا ، (خولیا حسێن) لەرە هەندێک لە سیما و سیفاتە سەرەکییە هاوبەشەکانی نێوان (دایک و دەریا) دەخاتە ڕوو، (جوانی ، فراوانی ، هەمنی) ، لای ئەو دەریا وەک دایک / جوان و فراوان و هەمنە ، بۆیە هەرکاتێک غەریبی دایکی دەکات دەچێتە کەنار دەریایەک ، لەسەر ڕووی ئاوەکە

ەوخساری دایکی دەبینێت ، دڵگۆرەیی دایکی و جوانی و هەمنی و هەموشتەکی دایکی چونکە ، لای ئەو (دایک و دەریا لەیەک دەچن) . لەگەڵ جووڵەی شەپۆلەکانی دەنگی ئاوەکە گۆرانیەکان و قسەکانی دایکی بیر دەکەوێتەوە ، هەمان نەغمە و هەمان ئاوازی پڕ سۆز و ڕەحمەکی گەردوونی پڕ لە میهر و خۆشەویستی . دوای ئەوە دەڵێت /

بیرکردنەوە لە نهێنیەکانی دەریا
بیرکردنەوەیە لە نهێنیی
عەشقە ئەبەدییەکەی دایکم

بەگومان کە دەچێتە کەنار دەریا ، جوانی و فراوانی هەمنی دەریا دەبینێ ، لەو کاتەیە دایکی بیردەکەوێتەوە و بەنەو قووڵایی خەیاڵەکانی ڕەدەچێت ، هەرچەند بەنەو خەیاڵەکانی قووڵتر دەبێتەوە و لە نهێنی و سیحری جوانیەکان و سەراسیمەیی دەریا ورد دەبێتەوە ، عەشقە ئەبەدییەکەی دایکی لەلا فراوانتر و سیحراویتر دەبێتەوە ، چونکە نهێنیە ئەفسوونییەکانی دەریا لە نهێنیە عەشقە ئەفسوونییەکەی دایک دەچێت . خولیا لە کەنار دەریا لە وێناکردنی لەگەڵ بیرەوەریەکانی خەیی و دایکی زێتر بەنەو خەیاڵەکانیدا ڕەدەچێ و زێتر نهێنی و خاڵە هاوبەشەکانی نێوان دایک و دەریا وێنا دەکات و دەڵێیت .

دەریا و دایکم
وەکوو یەکن
هەردووکیان
گوڵ لەگەمەی کوکوختی گلێیەکانم دەگرن
کەشیان بە فرمێسکەکانم دەکەنەوە
خەمەکانم لە دەی خەیاندا هەڵدەگرن و
گرێی نهێنیەکانم لای کەس ناکەنەوە
کە گوڵ لە دەریا ئادەگرم
وادەزانم گوڵم لە (هەدای) خەم گرتووە
لە گەڵ بیستنی دەنگی شەپۆلەکانی دەریا
قاقای پێکەنینە خۆشەکان
لایلایێ بە سۆزەکان
نەغمەی مەقامە حەزینەکان

سۆزی سەردوولکە دە سووتێنەرەکانی دایکمم بیر دێتەوە خۆشەویستی دایک و بیرکردنەوە لەدایک وایلەدەکات ، بیر لەهەموو شتێکی دەریا بکاتەوە ، لە شتە وردەکانیش بوانێت ، هێندە بە هەستیاریەوە لە ئاوەکە ڕەوانە و هەموو جووڵەیەک واتادار دەبە و یادێک یان شتێکی دایکی بیردەهێنێتەوە ، لەنەو قووڵایی ئەم بیرکردنەوەدا بە بەرینایی دەریا لەسەر ڕووی ئاوەکە سیمای دایکی

دەبینێت ، هەموو ئەو شتە جوانانەی دایکی بیردێتەوە ، کە ئەوشتانە لە دەریاش بەدیدەکات ، بۆیە هیچ بوارێک بۆ گومان ناهێڵێتەوە بۆ یەقینێکی گەورەو دڵنیاتر ، (دایکم و دەریا وەکو یەکن ..!) ئەمجارە ناڵێت لەیەکدەچن ، دڵنیاتر وەکو یەکن . دڵنیات / هەردووکیان گوێ لە گەمەی کوکوختییەکانی خەمەکانم دەگرن ، کەشیان بە فرمێسکەکانم دەکەنەوە ، گریەی نهێنییەکانم لای کەس ناکەنەوە ..! بە هەموولایەکمان ڕوونە کە دایک میهرەبانترین و دڵسۆزترین کەس بە منداڵەکانی ، دڵی دایک شوێنی هەموو خەمێک و نهێنییەکی تیا دەبێتەوە ، دەریاش بەهەمان شێوە ، پڕاوپڕە لەنهێنی ، هەزاران مرۆڤی دڵشکاو بەدەم وەینەوە خەمەکانی بە دەریا باس دەکەن ، هازاران عاشق لە کەنار دەریاکان نهێنی و ڕازی دڵی خۆیان باسدەکەن و هەمووشتێک هەرچییەک لە قووڵایی دڵیاندایە باسیدەکەن ، دڵی دەریاش وەک دڵی دایک جێگای هەموو نهێنییەک و زام و ئازارێک دەگرێت ، ئارامترین کەنارە بۆ مرۆڤ غەمبارەکان و نائومێدەکان و دڵشکاوەکان و تەنانەت بۆ کەسە کێفساز و دڵخۆشکانیش ، ئەوەتا بە ڕوون و ئاشکرا دڵنیات / کە گوێ لە دەریا ڕادەگرم ، وادەزانم گوێ لە هەڕای خەم ڕادەگرم ، لەگەڵ بیستنی دەنگی شەپۆلەکانی دەریا ، قاقای پێکەنینە خۆشەکان ، لایلایە بەسۆزەکان ، نەغمە حەزینەکان ، سۆزی سەردوولکە سووتێنەرەکانی دایکمم بیردێتەوە ..! بە هەناوەی ئەم هەموو فاکتە لێکچووانە ئیتر بوارێک بۆ گومان نامێنیتەوە دڵنیات (دایکم و دەریا) تەواو وەکو یەکن ، (هەڕا) بە دیالێکتی هەولێری یانی (دایە) ، دیارە ئەو بیرکەیەش کە دایکم و دەریا وەکویەکن ، ڕەهەندێکی مەعریفی و زانستی لە پشتە ، چونکە بە پێی (تیۆری پەڕەسەندن) ئاو یان دەریا دایکی هەموو بوونەکانە ، ژیان لە ئاوەوە هاتووە . ئەم دەقە لەڕاڕا جگە لەلایەنی جوانکاری قووڵاییەکی مەعریفیشی هەیە . ئیتر لەسەر ئەم وەکویەکبوونە بەردەوام دەبێت ، تا بە وشیاریەوە بتوانێ ئەو یەقینە لای خوێنەریش دروستبکات بۆیە فاکتی گەورەتر و باسدەکات دڵنیات ،

دەریا وەکوو دایکمە

نە پیس دەبێت نە پیر دەبێت

تائەبەد

هەر بە جوانی

دەمێنێتەوە

باس لە بەرائەت و پاکی دایک دەکات ، کە هیچ گومان لە پاکی دایک بکات ، یان مانەوەی دایک وەک بوونەکی ئەبەدی ، لەڕە کە دڵنیات نەپیر دەبێت ، مەبەستی تەمەن و شەوەی جەستە نییە ، مەبەستی دایک وەک بوونەکی ئەبەدی و وەک بوونەکی گەردوونی تا ئەبەد لەنەو بوون

و یادەوەرییەکان دەمنێتەوە ، کەس هەیە دوای مردنیش خۆشویستی بە دایکی یەک زێڕ کەمبکاتەوە ؟ یان بتوانێ کاریگەری دایکی لەنێو ژیان و یادەوەرییەکانی بسڕیتەوە ، ئەو کوایە دایک بوونکی ئەبەدی هەیە و پیرنابێت ، دەریاش وەک دایک وایە نەپیس دەبێت نە پیر دەبێت . من پەموایە خولیا لە باسکردنی سیما و ڕەفتار و ئەدگارەکانی دایک هاوکات بینینی ئەم سیما و ئەدگارانە لە دەریاشدا زۆر سەرکەوتوو بووە و قووڵایی و جوانکاری بوونەی بە شیعرەکەی بەخشیوە . لە خیاڵەکانی بەردەوام دەبێت و دەڕۆم
دایکم و دەریا
هەردووکیان بینای چاو و
هەناسەی سیەکانمن
عەرشی دەیان داگیر کردووم
بە ئارامی لە سەر فەرشی ڕەحم نوستوون
هەر دایە گیان
لە دووری تۆ
لە کەنارەکانی دەریای ئەم نیشتمانە دەتەڕێ
ڕەژەکانم بەسەر دەبەم
ئەم وشانە هیچ شتێکی لە نیشتمانەکەی خەمان ناچێ
دەریا نەبێ ، وەک عەشقی تۆ و وەک جوانی تۆ قەت نامرێ !
ئیتر تا ئێرە هەوێداوە کتومت ئەوە پێشان بدات کە دایک و دەریا لەیەکدەچن یان وەکو یەکن .. ئینجا لەربەدوا لەنێو هەستی غەریبیدا و لە کەنار دەریایەک بەنێو قووڵایی خیاڵە خەمناکەکانی خەیدا ڕە دەچیت ، لە قووڵایی ناخییەوە هەستەکانی خەی دەنێتە قسە و دەڕۆ (دایکم و دەریا هەردووکیان ، بینای چاو و هەناسەی سیەکانمن ..) هاوکات وەک خۆشویستی بە دایکی ئەو خۆشویستیەش بە دەریا دەردەبڕێت ، تا ئەندازەی بینای چاو و هەناسەی سیەکان ، چونکە (دەریا و دایک) لای ئەو وەکویەکن ، بۆیە هەردووک عەرشی دەیان داگیرکردووە و بە ئارامی لەسەر فەرشی ڕەحی نووستوون ، شیعرەکی ناسک و دەستواژە و وشەی شیعری چڕبەخش ، ناسک و جوان وەک ناسکی و جوانییەکانی دایک و دەریا .. یان لەنێو خیاڵەکان و هەستەکانی قسە لەگەڵ دایکی دەکات و دەڕۆت / هەر دایە گیان ، لە دووری تۆ ، لە کەنارەکانی دەریای ئەم نیشتمانە دەتەڕێ ، ڕەژەکانم بەسەر دەبەم ، ئەم وشانە هیچ شتێکی لە نیشتیمانەکەی خەمان ناچێ دەریا نەبێ / وەک عەشقی تۆ وەک جوانی تۆ قەت نامرێ ..! هەرچەندە شاعیر لە وشانەکی جوان و ڕەنگین دەژی و وشانەک کە هەموو شتەکانی جیاوازە لە نیشتیمانەکەی خەی کە ، هیچ شتێکی لە نیشتیمانەکەی خەی ناچێت ، سروشتێکی جیا و کلتوورێکی جیا و هەموو

شتێکی جیا تەنها دەریا نەبێ ، چونکە دەریا و دایکی لەیەکدەچن یان وەکو یەکن ، دەریا وەکو عەشقی دایک هەمیشە جوانە و هەرگیزیش پیرنابێ . دوای ئەوە هەندە وەسف و دیمەنی شیعری ناوازە و نایابمان بۆ وێنەدەکات و دەڵێت ..

کە تیشکی خۆر ئاوەزانی دەریا دەبێ
ئەو تیشکی خەندەکانی دایکمە
لەنێو ڕەحمی ئەو و
لە نێو چاوەکانی منداڵ
دەشنێتەوە
لەو ساتەدا
دەم هەشووی خەندە دەگرێ
ڕەحم قاقا پێدەکەنێ
چاوەکانم هەرچی تیشکی دەریا هەیە دەیان مژێ
کە لە شینی ڕوخسارێ ڕووناکی دەریا قووڵە دەبەمەوە
بۆ هەستێکی شاعیرانە و بۆ چاوێکی وردبینەوە لە دەریا دەڕوانێ ، لەو دەمەی تیشکی خۆر ئاوەزانی دەریا دەبێ ، ئەو دیمەنە بەراورد دەکات بە دڕوشانەوەی خەندەکانی دایکی کە لەنێو چاوەکانی دەردەکەون یان / تیشکی خۆرتاوی خەندەکانی دایکی لەنێو چاوەکانی دەشنێنەوە ، لەوساتەدا هەندە دەخڵش و کەیفساز دەبێ تا ئەندازەی ئەوەی ، دەی هەشووی خەندە دەگرێت و ڕەحمی قاقا پێدەکەنێت ..! دیمەنێک جوان و هەستێکی پاکوبەگەرد ، ئیتر لەودەمەدا لەتاو دڕوشانەوەی خۆری خەندەکانی دایکی ، چاوەکانی هەرچی تیشکی دەریا هەیە هەڵدەمژن و ئاوەزانی قووڵایی شینێتی ڕوخساری دەریا دەبن . لەکۆتایی ئەم شیعرە و لەگەڵ هەموو تێنگژەکانی غوربەت و دووری و تەنیایی و بیرکردنی دایک ، هەست بەئارامییەک دەکات وەک ئەوەی گەیشتبێتە کەناری ئارامی و بێ دەخڵشیەوە دەڵێت ،

هەندە دەخڵش و هەندە ئارام و
منداڵ دەبمەوە
وادەزانم لە ژێر ئاسمانی چارەکە شینە
ئەفسوونایەکەی دایکم
خەم شاردەتەوە
نە عەشق دەمسووتێنێ
نە خەشویستی ئازارم دەدا
نە خەم زەفەرم پێ دەبا
نە شکەتی پەم دەزانێ
نە تەمەن لەگەڵ خەی دەمبا
نە دەڕان تەکم دەشکێنێ

نە غوربەتیش دەمگرینن ..!
دوای ئەوەی تۆر لە بەرینایی دەریا و جوانییەکان و نهێنیەکان و دیمەنە دڵگۆشەکان دەوانە و هاوکات تۆر لە وخساری دایکی و بەسەرکردنەوەی یادەوەریە شیرینەکان ، ئیتر دڵخۆشییەک جێستە و ڕۆح و خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی دادەپۆشی دەوڵەت / هێندە دڵخۆش و هێندە ئارام و منداڵ دەبمەوە ، (وا دەزانم لەژێر ئاسمانی چارگە شینە ، ئەفسووناویەکەی دایکم . خەم شاردەتەوە ..!) ، بە بەوای من ئەو دەرە شیعرە یەکەکە لە هەرە دەستەواژە جوانەکان و قووڵەکانی ئەو دەقە شیعرییە ، کە جوانییەکی بوونەی بەرجەستە کردووە لە هەماکردنی ئاسمان بە چارگە شینەکەی دایکی ، تا بڕی لەکچووانەکی شیعری و نایابە ، لە کەنار دەریا دانیشتووە لەژێر ئاسمانەکی شینی بەگەرد ، وا هەستدەکات لەژێر چارەکە شینە ئەفسووناویەکەی دایکییەتی ، بۆیە دڵخۆشە و وادەزانێت گەیشتەتە کەناری ئارامی ، چونکە باوەشی دایک و خەشاردنەوە لەژێر چارگەی دایک ئارامترین شوێن و پەناگەیە ، هەربۆیە لەو شوێنە ئارامە (نە عەشق دەیسووتێنێ ، نە خەوێستی ئازاری دەدا ، نە خەم زەفەری پەدەبا ، نە شەکەتی پێیدەزانێ ، نە تەمەن لەگەڵ خەیدا دەیبا ، نە دەوان تەکی دەشکێنێ ، وە نە غوربەتیش دەیگرینێ ..!) ، کەتاییەک و نەخشادنی دیمەنەکی ئارام و پە ئیستاتیکا و چێژ . کە لەسەرەتای شیعرەکەوە تا کەتایی / لە ئەنجامی بەرجەستەکردنی جوانی ، چێژ و ئارامی بە ڕۆحی خوێنەر دەبەخشێت . ئەوەی زەرگرینگ و جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردنە لەم دەقەدا کە ، هاوکێشەیەک بەرجەستە دەکات لە نێوان چەمکەکانی (شیعر / دایک / میهرەبانی / دەریا) ، ئەم چەمکە بە بوونەکی کراوەو گەردوونی تەکاوبوون و ئاوێزانییەکی توندوتۆڵ لەنێواندا دەنەخشێنێ ، وەک چوار توخمە سەرەکییەکەی (ئیپمادەکلیس)ی فەیلەسوف ، ئێوانیش (زەوی / هەوا / ئاو / ئاگر) . گرینگ و پێویستن بە ژیان و گەردوون . (شیعر و دایک و میهرەبانی و دەریا) دەبەتە هاوکێشەیەک کە لەو توخمە سەرەکییانە پێکهاتوون کە / ژیان و مرۆڤایەتی بەبێ ئەم چەمک و توخمانە تەنانەت گەردوونیش مانایەکی نابێت ، ئەمەش کاکڵە و ناوەڕۆکی ئەم شیعرەیە ، من دەستخەشانەی گەرم لە خولیا دەکەم ، بە دنیاییەوە دەڵێم شیعری (دایکم و دەریا لەیەک دەچن) ، یەکەکە لەو شیعرە ناسک و نایابانەی کە بە (گەورەیی و میهرەبانی و جوانی دایک) نووسرابێت ، هێندە بڵێم کە (خولیا حسێن) شاعیرەکە خاوەن ئەزموونەکی دوور ودرێژە لەگەڵ شیعر بڵێام ، ئەزموونەکی (پەرشوبڵاو) ، وا پێویست دەکات ، خەی کەکاتەوە و گرینگی زێتر بە تواناکانی خەی بدات بەرامبەر بە شیعر ، چونکە داهێنان پڕۆسەیەکی

لەخۆا و عەفوی نییە بکەو ، ئاگایی و وشیاری و مەعریفەیکی قووڵی دەوێت .. لەکۆتایی دەیم / سەاو لە میهرەبانی دایک ، سەاو لە جوانی دەریا ، سەاو لە شیعر و داهێنان …!

دیسەمبەری ۲۰۲۰

سەرچاوە :
شیعری (دایکم و دەریا لەیەک دەچن) نووسینی / (خولیا حسێن)

یەکەمین دیداری شاعیرەکی مەزن .. سەردار جاف

لەرەوە دوای چل رۆژ بە سەر ئەغرکردنی یەکجارەکی شاعیری پایە بەرز و هەمیشە لە یاد و هزرمان جێلالی مەلەکشا چەپکە گوڵی رەز و وەفا و خۆشەویستیم بە رەح و قەڵەمی پاک و جوان و بوێری، و سەری رێزیشم لە ئاست گەکەی بە قەدر دادنەوێنم. پەم وابە هاوینی ۱۹۹۹ بوو ئەوارانەک بەهەز د. عومەر نورەدینی لە یانەی مامۆستایان لە هەولێری پایتەخت داوەتەکی بە چەند برادەرەک ساز کرد بوو، بەندەیش یەکەک بووم لەو سە و چوار کەسەی داوەتی کرد بوون، تازە بە تازە دانیشتبووین حەمە جافی شاعیر.....
بە دکتەر نورەدینی گوت: ئەوەیش کاک جێلالی مەلەکشایە بە تەنیایە، شاعیرەکی هەست ناسک خاوەن قەڵەمەکی ناوازە لەم غوربەتە بە تەنیە پەتان چەنە بانگەشتی لای خەمانی بکەین .
بە ڕاستی هەم دکتەر هەمیش ئەمە زەرمان پەخش بوو، کاک حەمە جاف چوو بە لای و لە گەڵ خەی و پەکەوە هاتن و لە گەڵ یەکدی ناسینی هەموو برادەران و گەیشتە ئاستی بەندە هەوەستەیکی کرد و.....
وتی : ئەوە سەردار جافی شاعیر و نوسەر ..
گوتم : ئەرە .
گوتی : خۆشحاەم پەشتر هەم نوسینتانم خوەندتەوە، هەمیش سووکە شەکەم لە سەر کردوون.
گوتم : زەر خۆشحاەم کەسکی وەک جەنابتان نوسینم بخوەننەوە جا چ جای بگاتە بەرگری کردن، بە ڕاستی قەرزار بارتان کردم ، دکرە بزانم بەرگری کردن و سووکە شەکە چەن بووە.

گوتی : ماوەیەک بەر لە ئێستا نوسینەکی جوانتان لە لاپەڕەی یەکەمی ئەدەب و هونەری بڕایەتی بەاوبەوە، ڕۆژە لای کاک حوسێینی یەزدان پەنا بووم، ئەو گوتی :{ تەماشا فەان کەس چی نوسیووە و بەاو کراوەتەوە}، منیش گوتم ئەو کەسەی باسی دەکەی هەرگیزاو هەرگیز ناتوانێت شتی وا بنوسێ، ئیدی لە من قسەیەک و لەو قسەیەک مشت و مڕکمان بە دروست بوو، بەو جۆرە بوو بەرگریم لە ڕاستی کرد نەک تۆ، جونکی نە ناسیوتم نە زانیوم کێی، ئێستا وا بە خزمەتتان دەگەم.

زۆر زۆر کەیف خۆش بووم کەسێکی وەک جەلالی مەلەکشا بەرگریم لە بکات، ڕەک هەستامە سەر پێ و سوپاسم کرد و دەستم بە سینگەوە بە گرت . ئەوە یەکەمین ناسین و دیداری من و ڕەوانشاد جولالی مەلەکشا بوو ، درووود و سڵاو لە ڕەهی پاک و پێپوولەیی ئەم شاعیرە قەدر گرانە ..... حەیف و جەغار زوو جێی هەشتین ..... لەم یادەدا ئەو دەقە شیعرە جارێکی دی پێشکێشی ڕەهی نەسیم ئاسای دەکەم .....

جەلالی مەلەکشا
لە بروسکەی هەورێکەوە،
چەخماخەی شین بارانت دە
دەنک دەنک وشەی شیعرت
هەناسەی پێ، ڕۆژانە ختوکە دەدا
لە پریاسکەی ئەندێشەوە
لە هەولێرە ئەوارانێک
بە دەم پێکی درەختەوە ،
گەاڵزانی پاییزی لە بەر دەکا
تە هەر نها لەو دیو باخچەکانی سینەوەی غوربەت
مژ لە جگەرەی خەم دەدەی
ئەمستاکە گولە بەرۆژەی بە دەم مانگشەوەوە
قەف قەف دووکەڵی نەرگەلەت
بە هەناسەی خەیاڵدانی خاوما دەدەی
بیرە هاروهاجەکانم
لە ڕەقتاڵەیی و قوڵایی دییەکانتا
چەپکە شەونم بە سەر سپەدەی پەڕە گوڵی شیعرتا
دەبارێنە
ئەمشەو بووی بە
خەونی خەشخەش، لە دەرگای پێکەنینمت دا
کەصی هەشتا هەرووک جاران
بە ئاسپایی دەنگت تێکەڵ هارمەنی لاساریم دەبوو
دیسان پێکەا ڕۆژی تاران، لەرە و تەواو سەنگەرکەت

ئیدی شۆم بۆ نامرۆنۆ
٩- ٥ – ٢٠١٧

ئۆمانیا
٠٩ _ ١٢_ ٢٠٢٠

ئازادی لە ژێر پێستاێی سەربازی و چاکسازیدا .. ئەحمەد رەجەب

ئازادی وشەیەکی جوانەو لەپێناو وەدەستهێنانی گەلان لە سەرانسەری دنیا هەوێ ئەدەن پێی بگەن و لە پێناویدا خێیان بەکوشت ئەدەن و هێزە چەپەکان و شیوعییەکان لە ریزی پێشەوەن و بەبێ وچان تیئەکۆشن بێ گەیشتن بە ئازادی و ئەو تێکۆشانە لە گەێ دادپەروەری و یەکسانی گرێ ئەدەن لە پێناو بەختەوەری مرۆڤ و ژیانێکی باشترو هەروا ئازادکردنی مرۆقایەتی لە ستەمی چینایەتی و کێت و بەندو نەریتە دوواکەوتوەکان.
ئازادی بیرورا مافێکی سرێشتی مرۆقە بەام زرجار لەلایەن دەسەاتدارانەوە ئەو مافە پێشێل ئەکرێت بێ نمونە حکومەتی کوردستان پرۆژەیەکی بەناو چاکسازی دا بە پەرلەمانی کوردستان و لە بەر ئەوەی زربەی خاەکانی لە گەێ بەرژەوەندی تایبەتی پەرلەمانتاران بوو هەر زوو پەسەند کرا ئەمە لەلایەك لە لایەکی ترەوەو لە ژێر سێبەری هەمان چاکسازیدا ئەوەی دەم بکاتەوەو داوای مافی رەوای خێی بکات دەمی دائەخەن و رەوانەی زیندان ئەکرێت و گرتن و زیندانیکردنی مامۆستاو فەرمانبەرو چالاکەوانانی مەدنی لە دهێك و هەولێرو سلێمانی نموونەی زەق و لە بەرچاون.
لە سیبەری ئازادی و چاکسازیدا پێستاێی پێشمەرکەو ئاسایش بەکارهێنرا بێ شەق لە ناوچاوانی خێپیشاندەران و کپکردنی دەنگیان و،باشترین نموونەش لێدانی پەرلەمانتاران و یەکێکیان (شیرین ئەمین) بوو، ئەو جارە رەفتارانەش کێپی رژمە خونرێژەکەی دیکتاتێر سەدام حوسەێن و حزبی بەعسی عەرەبییەو بێ تێقاندنی ئەوانەی داوای موچەو مافی رەوای خێیان ئەکەن.
ماوەی ساێك زیاترە لە بەغدای پایتەخت و سەرانسەری زوربەی

شارەکانی عێراق راپەرین دەستیپێکردووەو حکومەت و حزبە شیعەکانی تایفەگەری و پشکپشکێنەی دەسەڵات وحکومەتی عێراق سەریان لێشێواوەو لە گرتن و تێهەڵدان و کوشتن نەبڕت هیچیان پێناکرێت و ناتوانن لەو دێخە قوتاریان بێت.
ماوەیەکە خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە رەفتارو شێوەی بەریوەچوونی کاروباری حکومەت رق و کینەیان پەنگ ئەخوانەوەو زۆر وەستان بێ دەزینەوەی چارەسەری گیروگرفت وکێشەکانیان بەڵام حکومەت هیچی پێنەکرا بۆیە خەڵك لە شارەکان دەستیانکردبە خۆپیشاندان و، هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش دەستیان کرد بە لێدان و گرتن وتێهەڵدان ئەوەش ئەبڕتە هۆی بوێری و چاوقایمی و خۆراگری خۆپیشاندەران و لەمڕێ بە دوواوە قەت ناترسن و ناپرینگێنەوەو ئامادەن خوێنی خۆیان ببەخشن.
بە ناوی ئازادی و چاکسازی بەرپرسە باڵاکانی حکومەت ئارەزوومەندانە تومەت بڵاوئەکەنەوەو بە خۆپیشندەران ئەڵێن ئەو کەسانەی پلان و ئاژاوە بێ تێکدانی ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری هەرێم دروسئەکەن و هەروا ئەڵێن یاسا سەروەرەو ڕێگە بە کەسیان نادات بەپێ فەرمانی دادگا ئەگیرێت و مامەڵەیان لە گەڵدا ئەکرێت و، قەوانەی یاسا سەروەرە تا ئێستا نەیتوانیوە بێ جارێکیش بەرپرسێکی باڵا لە دزو گەندلکاران سزا بدات.
کۆشتن و خوێنرشتن لە هەرێمی کوردستان درێژەی هەیەو بە پێی میدیاو و تەلەفزیۆن و سەتەلایەتەکانی خودی دەسەڵات ئاماژە بە گیراو و کۆژران ئەکرێت ودیارە حکومەت سورە لە سەر کوشتنی خۆپیشاندەران بە بیانووی هیچ و پوچ و بێ بنەماو بێ تێقاندنی خەڵکی ڕاپەریوی شارەکانی هەرێم لێژنەی باڵای ئەمنی هەرێمی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا بە ڕاشکاوی ئەڵێت : هێزە ئەمنیەکان (دەستکراوە ئەبن کە ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن) ، واتا بۆیان هەیە خەڵك بکوژن.
بەناوی ئازادی و چاکسازی حکومەت نانی خەڵکی بریوەو موچە نێیە، خزمەتگوزاری وژیانی شایستە نێیەو سەرکی هەرێمی کوردستان جەخت لە تێپەراندنی ئەو دێخە داراییە سەختە ئەکات بەڵام بەبێ ئەوەی ڕێگەچارەیەك بدۆزێتەوەو، بە بۆچوونی چاودێران حکومەتی هەرێم تا بینەقاقەی تێچەقیوەو ناتوانێت خۆ ڕزگار بکات و، حکومەت بە هۆی ڕێککەوتنی بەخشینی نەوتی کوردستان بێ ماوەی ـــ 50 ـــ بە تورکیا کەڵەو ئیفلیج بووەو ناتوانێت لە گەڵ حکومەتی ناوەند (فیدراڵ) هیچ بکات چونکە ناتوانێت ڕۆژانە ـ 250 ـ هەزار بەرمیل بدانە کۆمپانیای سۆمۆ.
بە پێی ئازادییەکەی هەرێمی کوردستان ئەوەی داوای موچەو مافی خۆی بکات بێ زیندان، چالاکەوانی مەدەنی و ڕۆژنامەوانانی داکۆکەر لەو

مافه رەوایانه بۆ زیندان و، هەر کەناڵ و تەلەفزیۆنێك باسی نان و قوتی خەڵك بکات دەنگی کپ بکەن و دەرگاکانی دابخەن و ، خۆپیشاندەران بچنەوە ماڵەکانیان و دابنیشن تا حکومەت بیریان لە ئەکاتەوەو، ئەوبیکردنەوەش لە بەر بۆ پارەی مەحاڵە.
عەنتریات و تۆندوتیژی و ئەقلییەتی تۆڵە سەندنەوە بۆسوودەو ئەنجامەکانی لە سەر کۆمەگاو هاوڵاتیان خراپ و نێگەتیڤ ئەبێت و بە پێچەوانەش ملکەچی بۆ داخوازییەکانی خۆپیشاندران کاردانەوەی پاش و پڕزەتیڤی ئەبێت و، لێردا پیویستە داوا بکەین بۆ بەربوون و ئازادکردنی دەستبەجێی هەموو گیراوەگان و بیرکردنەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی رژێکەوتنی پر لە شەرمەزاری نەوت لە گەڵ تورکیاداو دادگاییکردنی ئەو کەسانە بوونەتە باسی نانبرینی هاوڵاتیان. ئەگەر حکومەت گوێ لە خەڵك نەگرێت دڵخەکە دژوارو ئاڵۆزتر ئەبێت.

8/12/2020

با پسکیت بخۆن ! .. عەبدوڵا ساڵح

لەدوور وبڕی ساڵەکانی 1789 کاتێک بە (ماری ئانتوانێت) هاوسەری لویسی شانزە پاشای فەرەنسا دەڵێن خەڵک برسیە و نان نیە بیخۆا ، دڵی دەی با پسکیت بخۆن ! (Qu’ils mangent de la brioche) ئەم دەستەواژەیە تا ئەمڕۆش بەکار دەهێنرێ بۆ جۆرێک لە حوکمڕانی کە لە ئاقار بەدەرەتانی وهەژاری خەڵک دا شانخاڵی بکاتەوە و بەدەربەست بێ .
ئەم ووتەیەم کاتێک هاتەوە بیر، کە گوێم لە قسەکانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەگەرت ئەمڕۆ چوارشەممە 2020-12-9 لە کۆنگرێیکی ڕۆژنامەوانیدا کاتێک دەیگوت : ((کێشەی ئێمە کێشەی خاکە !!))
فریودان وبەلادابردنیش ئەندازە و بواری خۆی هەیە، ئەم قسەیە ئاگەر لە ٢٠١٣ و ٢٠١٤ بگوترایە ڕەنگبا بچوبایە بگوێ بەشێک لە گوێگرانی ، بەڵام پاش نزیک بە ٣٠ ساڵ لە حوکمڕانی شکستخواردو ، پاش ٣٠ ساڵ لە تاڵان وبڕۆ، پاش ٣٠ ساڵ لە برسیکردنی زەرینەی

خەڵکی کوردستان و لەبەرامبەریشدا هەڵوێستی سەدان ملیاردەر وهەزاران ملیۆنەری شەریک لەگەڵ حزب وبنەماڵە، پاش دەمکوتکردنی بائاشکرای دەنگی ئازاد و ڕاپەڕکەدانی هەزاران ئازادیخواز بە زیندانێ ئاشکرا و نهێنیەکان ، بەجۆرێک کە تەنانەت عەلی تەتەری پارێزگاری دهۆک بەئاشکرا ولە سەر تەلەفزیۆنەکەی خۆیان (ڕووداو) لەم شێوانە بە ناچاری دانی نا بە گرتنی ٥٠ کەس لەخۆپیشاندەرانی چەند مانگ لەمەو پێشی شاری دهۆک، کە پێشتر بەسەر وشوێن کرابوون، بەتەمەتی داوای موچەکانیان .
ئێوە باسی خاکێک دەکەن کەدەستان پێی ڕانەگا، دەی فەرمون باسی ئەوخاکەمان بۆ بکەن کە لەژێردەستەندایە، ئەو خاکەی هەرچی لەسەریەتی و لەژێریەتی چی لێهاتوە ؟ ئاخۆ خەڵکی کوردستان چ خۆر وخۆشیەکیان لە خاکی ژێردەستەاتی ئەوە دیوە تا ڕوویان بکەنە ئەوەی لە ژێر دەستەاتتاندا نیە ؟! تازە دەتانەوێ یاری بە ئیحساساتی خەڵک بکەن بەوەی کەشتی | ئەمە| کەشتی خاکە!؟ مەبەستی ئەو جۆرە لە پەیام ئەوەیە: واز لە سکی برسی بهێنن جارێ خاکمان داگیر کراوە !! خاک بخۆن لەبری نان !!
ئەمجا نۆرەی باڵەڕەی | دەستی دڕەکی دێت | !! و دەڵێ: لەناو خۆپیشاندەراندا دەستی دڕەکی هەیە ومەبەستیەتی ئەم قەوارەیە تەکدا !! ئەم باڵەڕە سواوە هەموو دیکتاتۆرەکان پەنای بە دەبەن کاتێک شاڵاوی پڵامارێ خەڵک توشی دەڕاوکێ وەڕەنگ زەردیان دەکا، قەوانەکە هیچ گرامافۆنێک نایخوێنێتەوە .
ئەمجا هەموتان ، سەران وسەرکردەکانی دەسەڵات باسی تونددوو تیژی دەکەن ! سەیرە ، ئەوە کە تەنانەت نای ووشکی سەر سفرەی هەژارانیشتان بەڕوا نەبینی و ئەویشتان دزی! باسی تونددوو تیژی دەکەن ، تونددو تیژی تەنیا پڵامارێ مقەڵە حزبیەکان نیە کە بەرنامەی برسیکردنی خەڵکیان تەدا دادەژڕێ ، مەگەر سکەڵەگوشین لەسایەی دەسەڵاتەکەی ئەوەدا تونددوو تیژی نیە؟، مەگەر گیرفانی بەتاڵی سەدان هەزار گەنج و بێکار کردنیان و ناچارکردنیان بە گرتنەبەری ڕێگای مەرگ ونەمان توندو تیژی نیە ؟ مەگەر گیانسپاردن لە چاوەڕوانی چارەسەریدا لە نەخۆشخانەکان توندو تیژی نیە ؟ مەگەر دەستگرتن بەسەر موچەی شایستەی فەرمانبەرێکی خانەنشین کە هەموو تەمەنی خۆی لە خزمەتکردندا بەسەر بردوە وئێستا نان نیە بیخوا تونددوتیژی نیە ؟ ئەمە مشتێک بوو لە خەروارێک .
ئەم دەسەڵاتەی ئەوە دەمەکە سەلماندویەتی کە تەنانەت لەڕیزبەندی فاشیلترین دەسەڵاتەکانی دنیاش جێگەی نابێتەوە ، هەر بۆیە دەبە بەوا و خەڵکی کوردستان لەو ئەزمونە شکستخواردوەی ئەوە ئەوەندە دەرسیان وەرگرتوە کە بتوانن دەسەڵاتێکی شایستە بەخۆیان دامەزرێنن

کۆ ئازادی ویکسانی وژیانکی بەختەوەریان بۆ دەستەبەر بکا .

٩ – ١٢ – ٢٠٢٠